# کۆمەڵگۆ وەک دیمەنی دونیایەک لە عەنتیکەخوازیی (Absurdism)

**... هەندرین ....**

هەر کەسێک، کە لە خەیاڵاندن یان گرێی حیزبیی یان جەهلی رواڵەتی زانین هەڵنەدڕا بێت، تەدەگات یان هەرنا هەستدەکات، ئەو دیمەنی رووداوانەی کە دوو ساڵە رژاون، هەرچەندە ئەو دیمەنی رووداوانە زنجیرەیەکن لەو شانۆگەریيە عەنتیکەخوازییەی کۆمەڵگەی کوردی کە لە هەناوی بازاڵاندنەوە لە دایکبوون، لە شاشەکانی تیڤیی و واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا دەیانبینین، دەخەکە لە عەنتیکەخوازیی (ئەبسوردیزم)

مەبەست لە عەنتیکەخوازیی تشتێکی ناماقوڵ، ناعەقڵانیی، نەشیاوە، واتە لە تێگەشیتن بەدەرە.

بە ئاوەی دیوە نادیار و نەبینراوەکەی ئەو دیمەن و واقیعە عەنتیکەخوازییەی کە بە دەم هەڵەای خەنیشاندانی مووچەوە رووددەدەن ببیینی، گەرەکە مۆدایەک لەو دونیایە عەنتیکەخوازییە وەربگریت.

تە سەرنج بدە، کەکردنەوەی ئەو دیمەنانەی کە لەو یەک دوو ڕۆژەدا رووددەدەن، عەقڵ ناتوانێت بە یەکترییانەوە ببەستێتەوە: لە لایەک لە سەلەمانی خەنیشاندانی مامۆستایانە بە داوای مووچە، بەرامبەر خەنیشاندان، بە نوێژی بە کۆمەڵیی خەتم دەبە، کە ئەو دیمەنە دەکرە بە نوێژە بە مووچە پەناسەی بکەین، بەو مانایەی لە دەرزەماندا خەڵک لە زستاندا کە باران نەدەباری، نوێژە بەبارانیان دەکرد.

لە لایەکی ترەوە بە دەم ئەو هەڵایەوە، لقی پارتی و نوێنەرکانیان چەک و تفقیان بەستاوە، بە لێکدانەوەی ژیربەژیی، تا رووبەووی ئاگری هەرشی خەنیشاندەران ببنەوە بە سەر بارەگەکیان، کە ئەمەش مانای ئەوەیە، تشتێک بە ناوی یەک حکومەت و یەک کۆمەڵگە لە گۆڕدا نییە، بەڵکە دونیایەکی عەنتیکە لە کۆمەڵەک بوونەوەرگەل هەن.

لەوەش خەشتر، لەملاوە لە کاتێکدا کە یەکێتیی و گۆران دەستاتدارن لە سلەمانی، کەچی مەدیا و پەرلەمانتارە کارکەرانکانیان بوونەتە ڕەبەر و هاندەری خەنیشاندەران و ئەنجامەندانی خەنیشاندانیش بە بە تشقەڵە، بە سەرکەوتنی سلەمانی و دەڤەرکانیی و یەکێتیی دەبینن!

لە لایەکی ترەوە، گوایە وەزیری پیشمەرگە، گۆران، کەچی کاکە هەمنی پشمەرگەی سەر بە گۆران بە هەی ڕەخنەگرتن و هاوسەزی باشکردنی مووچەی پشمەرگە و مووچەخەران، لە لایەن ئاسایشی پارتییەوە ئێتک

دەکرێت. لەوانەش گرنگ تر وەک گرنگیدان و گرانبەهاکردنی پشمەرگە هەر تەنها، کەچی وا رەفتار بکرێت، وەک ئەوەی بەرهەستکار بێت.
دەی لەوانەش بترازێ، بە دەم ئەو دیمەنە عەنتیکانەوە، لەسەر چیای کۆکدا بە ئامادەبوونی کەمەرەک ئەکادیمیی، نووسەر، موفەکیری کوردستانیی، "دیداری هزری نەتەوایەتی"، بەڕێوە دەچێت.
هەر بە دەم ئەو دیمەنانەوە، لە کاتێکدا کەمەرگە بە دەم هات و هاواری گرتنەوەی موسڵ و ئۆگری گرانەوە و نۆگرانەوەی "ناوچە جێناکۆکەکان"، لە ئۆگر و نۆگری "سەربەخۆیی کوردستاندا" تەداماوە، کەچی هەر هەمان ڕۆژ و کات، فەکەکانی تورکیا زگیان بەسەر چیای کۆکەوە دەسوون و بەسەر دەڤەری باکایەتیی و ئامەدی دەشنەوە، کەچی لەو دونیایە عەنتیکەسازییەی ئەمەدا، وەک ئەوەی هیچ لە گۆڕدا نەبێت.
ڕاستێت دەوێت، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تاکە بایەخدرن لە گرتنەوەی موسڵ و کەی دەخی سیاسیی عێراق و کوردستان، ئەوەی کەمەکیش لە کۆلۆنیالیزم تێبگات، دەزانێت کە ئەو دەخەی کوردستان و عێراق تێیدا دەژین، بە هەی بەئرادییەوە، لە زانستی سیاسەتدا پێی دەگوترێت، کۆلۆنیالیزمی نوێ، بەو مانەی کە ڕاستە لە ڕووکەشدا نوێنەرانی سیاسی عێراق و کوردستان حکومەتی خۆیان بەڕێوە دەبەن، بەڵام ڕاستییەکەی کەی سیاسەتی ناوخۆ، دەرەکیی و دەخی ئابووریی عێراق و کوردستان لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە بەڕێوە دەبردرێن.

لەوانەش بترازێ، لەملاشەوە گوایە خەڵک گوایە لە بەمووچەیی حەجمانی نەماوە، کەچی جادە، کەتان و کون و قوژبنی گوند و بەباو شارگوندی کوردستان، لە تۆمبێلاندا جمە دێت، مرۆڤ وەک قالەنچە و خشک دەبە لەبەر بەرەوایی لەخوانی تۆمبێلان هەبێت، تا نەپلیشێیتەوە.
ڕاستێت دەوێ، کەی ئەو دیمەن و ڕووداوانە، جەرەکە لە دونیایەکی عەنتیکەخوازیی (ئەبسوردیزم). ئەمەش بەرهەمی ئەو پارە ڕژان و باڵادەستی نیولیبرالیزمە بوو، کە دوای ٢٠٠٣ بوو بە عەقیدەی کوردی. ئاکامی ئەمەش، کەی بەها و بوونمانی کرد بە پارەی بە خەڵا و مووچە و پووچخوازیی (نەهلیزم).
بەڵێ، کەمەرگەیەک کە لە فەقیریی و فەقراتییەوە، لە نەدیی و بدییەوە، لە کەر و هەسترەوە بوو بە خاوەن دادە وانوشە و مانیکا، خاوەن شهادەی بەلاش و قات و ریباتی گوێ گوێیی، مەکینە. تۆمبێل. مووچەی بەخەڵا، کە ئەو بەربەریێتییەی مەکینە و تۆمبێل لەردا ڕژانە منی هەراسان کردووە. ئەو بە مەکینەبوونە کەمەرگەی کرد بە مەکینەیەک لە تۆمبێل و بازاڕی بەرەڵا، ئاکامی دیمەن و دونیا

عەنتیکەخوازیی بەرهەمدەهێنێت.
دواجار. وەک هەمیشە، ئاکامی ئەو خەنیشاندانە، لە تەی کەمایەتیی و زار و زمانی کوردان، دەبێتە سەرکەنکردنی هەولەر کە وەک سلێمانی خەنیشاندانی نەکرد.
ئەم عەنتیکەخوازییەی کە تێیدا دەژین، دەخکی ئەخلاقی بەرهەمهێناوە، کە پێی دەگوترێ داێمان (decadent)، یان سینیزم (cynicism)، لەم دەخەدا، هەموو تشتێک، ئەتکردن، زبەسالاریی، درۆ، دووڕوویی، بەڕەایی، بەبەزەیی، تەهەدان، جەهلخوازیی، دینداری ساختە، شەقاوبازیی و عەنتەربازیی، ئەوانیتر تە ریزی بکە، لە کن خەک و هەژکان، دەبن بە ئاسایی.
بەیە لەم دەخەدا، عەسکەرتاریی، نامادەنییەدا نووسین، بەجگە لە دەدانەوە، هەناسەدانکی کورت بترازێ، هیچی تر نییە.

---

# سیاسەتی هەچوووووو

هەناوی کۆمەڵگەکەی خۆمان بوون، ئەوان کێکەرەوەی هێز بوون نەك بەخشندەی هێز و تواناکانی خۆیان، هەر بۆیە وەك پێشبینیان لێدەکرا دەرنەچوون، نەیانتوانی لە دوا فڕۆمی ڕێکخراوەییدا کە حزبە و حزبیش فورموولبەندیەکی مەدەرنە خۆیان و کۆمەڵگە بە پەروەردەیەکی سیاسی نوێ کە بۆ فڕۆمی نەتەوە بسازێ پەروەردە بکەن.
ئەوان وەك هەر کەسێکی ترساو هێزیان بێ ئەوە کێکردەوە تا تەنها خۆیانی پێ بپارێزن نەك نەتەوە و کۆمەڵگە. پەیڕەوە لەبەری هێز و عەشیرەتەوە بێ بەری نەتەوە، لەبەری تاکە کەسەوە بێ بەری گروپ و کۆمەڵگە عەقڵێکی بەرهەمهێنی هێزی دەوێ کە توانای دابەشکردنی ئەو هێزەی بەسەر تەواوی جەستەی نەتەوەدا هەبێ. هەر بۆیەش ئێستا ئێمە کەسی بە هێَزمان زێرن بەڵام کۆمەڵگەیەکی لاوازمان هەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەسەکان توانایان لەبەر نەتەوە بۆیوە و تا ئەو ئاستە دڵشویانە جەستەیەکی سست و لەڕیان بێ هێشتەوە.
کێشە ڕیشەییەکانی ئێمە ئەوەندەی دەروونین ئەوەندە سیاسی نین، نەتەوەیەك بەر لەوەی باری سیاسی لەنگ بێ ، باری دەروونی ترازاوە و کەوتە دۆخێکی گوماناوی و پارانۆیی هەم لە خۆیی و هەم لەوانەی دەوروبەری، ئێمە زۆر دەمێکە لە دۆخێکی گوماناویدا دەیبەینە سەر و هەرگیز نەمانتوانیوە ئەم گومانانەمان بە عەقلانی کەین و ڕێکیانخەین تاوەکو بەردەوام لە گومانەوە بەرەو یەقین و ڕاستیەکان هەنگاو بنێین، گومان هیچ کاتێك خاوەنەکەی ناباتە سەر هاوسەنگیەك لێیەوە ڕایەڵەیەکی متمانە وەك پێویستیەکی حەتمی بێ بەیەکەوە گوزەران هەڵخەین ئەگەر پڕۆگرامیزەیان نەکەین و نەیانخەینە چوارچێوەیەکی بەرنامەڕێژکراوەوە، کۆمەڵگەیەك ئەگەر متمانەی کۆمەڵایەتی تیا نەبێ هیچ نیە جگە لە جەستەیەکی گەنیو کە توانای جولەی بەملاو بەولا لەدەستداوە.
گومانی سرووشتی کە تەمەنێکی بەر لە مێژووی لە مرۆڤایەتیدا هەیە، وازی لە ئێمە نەهێناوە و تا هەنووکەش ئەوەندەی لە خۆمان بە گومانین و لە خۆمان دەترسین نیو ئەوەندە لە نەیار و ناحەزانمان ترس و گومانمان نیە. گومان لەوەی ئایا ئێمە تا سەر لەم سەرزەمینە دەمێنینەوە؟، تاسەر وەك هەین دەیبەینە سەر؟ تاسەر ……تاد؟، ئەم گومان و ترسانە نەیانهێشتووە عەقڵ لە بارێکی ئارامدا بیربکاتەوە و ئیش بۆ شێوە ژیانێکی دیکە بکا کە چیدی لە گوماندا نەبین و نەترسین.
مانەوە لەم نائارامیە دەروونیە تاکی ئێمەی خستۆتە بارێکی سایکۆلۆژی هەڕچوونئامێزەوە بواری ئەوەی نەداوە کەف و کوڵی بۆ ساتێك دامرکێتەوە، کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستاش لە دۆخی هەڕچونێکی درێژخایەن دەیباتە سەر، لە هەڕچوونداتاك و ئۆرگان و

دامەزراوەکانی بەیار دەدەن، بەیار لە دۆخی هەڵچوون و سەزاوی هەر بە دەمێك دەیحەسێنێتەوە و نایباتە بارێکی سەنگین و هاوسەنگ تاسەر متمانەی بە بەیارەکانی بێت.
کۆمەڵگەی هەڵچوو کەس و پارت و و ئۆرگانی هەڵچوو دۆنێتە ئارا، لە ڕاکردن هەڵچوو، لە هۆرش هەڵچوو، لە خۆشی هەڵچوو، لە ناخۆشی هەڵچوو، ئەم هەڵچوونانە هیچیان ئەرێنی نین، لە ئاگایی کەسەکانەوە ناجوڵێن، زیرەکی هەڵچوون و هاوسەنگیەکەیمان نیە، لەوەتەی هەین لە دۆخی جیاجیای هەڵچوون دەیبەینە سەر، ئەم دۆخە لە ڕووی دەروونیەوە ئاسایی نیە، ئەو کۆمەڵگەیەی هەمیشە هەڵچوو بێ ، نەپەیوەتەوە بەری عەقڵ و هەر لەبەری سەز و ویژدان ترازاوی ماوەتەوە.
بونیادی سایکۆلۆژی کۆمەڵگەکەمان زۆر لەوە شێواوترە بە تەنها بەیاری سیاسی و حزبی سیاسی چارەسەر بکرێ، سیاسیەکان ڕۆشنبیری سایکۆلۆژیان نیە و پەی بە کێشە و گرفتە دەروونیەکانی نەتەوە نابەن، حزبی کوردی دەرمانی کێشەکانی کۆمەڵگەی لا نیە و ئەم خۆ بە هەموو شتزانیە لە خۆگۆڕانکی پاڕانییە و جۆرێکە لەو هەوا چوونە کەوڵەی کە توانای دروستکردنی ڕووداوێکیان نیە و بە شێکێك یەکسەر لە هەوا بەتاڵ دەبنەوە.
بەرهەمهێنانی هێز بەم شێوە هەڵچوونا ویە نابێ، هێز سەرچاوەکەی ناوەکیە و ئەمە بەڵگەنەویستێکی تەواو زانستیە نەك سیاسی، لە ناوەوە ئەندامەکانی جەستەی کۆمەڵگەی کوردی هیچیان لەگەڵ ئاوازی یەکتر نین و لە دەرەوەی هاوێنیەتی جەستەیەکی ئاسایین، گومان جەستەی کوردی خواردووە و لەوەتەی هەین هەر ئەو گومان و ترسان لەیەکترەیە نەیکردووینەتە هیچ.
لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەوە جولانەوەی سیاسی کورد خۆی لە فۆرمی حزبدا بەرجەستە کردووە بەو ئومێدەی ئیدی لەمەولا دەبێ کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و سەربەخۆ بنیننە ئارا، بەڵام تادێ ئامانجی ئەم بوونەوەرە ناسیاسیەی ناوی حزبە زیاتر لە ملپێکەچکردنی تاك بەرجەستە دەبێ. ئۆرگانی سیاسی ئەمە دەبێ چەندە سەربەرز و شانازبێ لەو کاتانەی کەسانێك هەمیشە ملی خیانیان بێ کەچ دەکەن؟، ئەمە جگە لە شکستی ڕێکخراوی سیاسی کوردی چیدی نیە کە پێیوابێ ئاستی خۆشەویستی ئەو لە نێو جەماوەردا بە ئاستی ملکەچی ئەوانە بێ.
تابڵێی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەم هەرەمەی ئەمە هیچ وێنەیەکی ڕوونی شکڵکی ڕوونمان نادات دەست، وێنەکان زۆر شێواو دەکەونە بەرچاو، گومانی خەڵك تادێ لەیەکتر زیاتر دەبێ و کەس باوەڕ و متمانەی بە یەکتر نەماوە و وا خەریکە هێواش هێواش بێ کۆمەڵگە تراديسیۆنیە دابونەریتیەکە دەگەڕێنەوە تاوەکو ترسی خۆمانی پێ لەیەکتر بەوێنیەوە و ئەوەندە لەیەکتر نەترسین.

حزبەکان یەکتر لەبەری دژ دەخوێننەوە و هەر یەکە پێوایە بەردەوام پیلانیان لە دژ دەگەڵ، هیچیان پێشنیاز و دەستپێشخەری یەکتریان قبوڵ نیە و بە ترس و گومانەوە تەنانەت میوانداری یەکتریش دەکەن.
ئەم دۆخە دڵتەنگی متمانەی کەمەڵایەتیە کە (جەلیان رۆتەر) باسی دەکا و ئەگەر هوشیارنەبینەوە لەوانەیە هەرەسمان پێبێنێ، لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی شیرازەی کەمەڵگە لە نەمانی متمانەی کەمەڵایەتی و ئینجا سیاسیەوە دێتە ئارا.
من کەسێکی ڕەشبین و نا ئومێد نیم و هەمیشە پێموابووە باشانسە ترازاوەکان هەروا بە ترازاوی نامێننەوە، بەڵام ئەوەی هیوای لاواز کردووم ئەوەیە ئەم ترازانە با بە عەقڵی خەمان بێتەوە هاوسەنگی خۆی نەك بە سەرلەنوێ نەخشاندنەوەی هاوکێشەکان کە تا ئێستا ئێمە تیایاندا ژمارەی خوێندراوەی ئەکتیڤ نین.
ئێمە پێویستە لەوە هوشیاربینەوە کە ئەوەی تا ئێستا ناوی کەمەڵگەی سیاسی و خاوەن هەوێستمان لێناوە هەرگیز نەگەیشتێتە ئەو ئاستەی لە هوشیاری خۆیەوە هەنگاو بنێ، ڕکخراو حزبی سیاسی ئیشی ئەوەیە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بەرهەم بێنێ نەك ڕەشبینی و نائومێدی، ئەو دۆخەی ئێستامان کەمترین ڕووبەری ئاسوودەیی تیا دەبینرێ، زیاترینی نائومێدی گرتوویەتیەوە، گۆینی میکانیزمەکان ئەوەندە پێویست نین بەقەدەر ئەوەی گۆینی ستراتیژی ڕووبەووبوونەوەی قەیرانەکان گرنگن، شێوازی ژیانی کەمەڵگەکەمان خوارترین ستایلی ژیانە لە دنیادا، گۆینی ئەم ستایلە پێویستی بە گۆینی بیرکردنەوە و چوارچێوە مەعریفیەکانی کاری سیاسی و کولتووری و دینی و کەمەڵایەتیە، ئەمە لەوانەیە بێ سیاسیەکان زەحمەت بێ، بەڵام ئەستەم نیە، چوون ئەوان لە کۆتاییدا نوێنەری تەنها خۆیان نین بەقەد ئەوەی لەو هەوێستەی تیایدا دەژین بوونکی هەمەکی ئەوتۆن نابێ کەسیانە بیربکەنەوە.

---

# ڕەنگ و ڕووناکی و زمانی وێنە … نووسینی: د. نازەند بەگیخانی،

# زانکۆی بریستل

**... هەوڵستێک لە بەردەم هونەری ڕەبوار سەعیدا: تابلۆی 'پەیامی خۆشەویستی' وەک نموونە ...**

ئاوێتەبوونەکی دینامیکییانەی ڕەنگ و ڕووناکی، هونەری فیگۆر و گۆڕانەوە، تەکنیکەکردنی ڕەنگی گەرم و زیندوو و ڕۆشن بە فیگۆر و هەماو و سیمبۆلی کوردی خاسیەتی سەرەکیی تابلۆکانی ڕەبوار سەعید-ن. فیگۆرەکان لە جووڵەی بەردەوامدان، دەفڕن، پێیەکان لە زەوی جیا دەبنەوە و لە فەزا هاتوچۆ دەکەن، چاوەکان قووڵ و پڕنهان، هاوتای دەستەکان بانگمان دەکەن، هەموو پێکەوە لە فەزایەکی فانتازی و تژی لە هارمۆنی لەگەڵمان دەدوێن.
دەتوانین ئەزموونی ڕەبوار سەعید بەسەر سێ قۆناغ دابەش بکەین، قۆناغی زێد و سەرەتایی، قۆناغی شاخ و پێشمەرگایەتی لەگەڵ قۆناغی مانفا (فەرەنسا و بەریتانیا). ڕەبوار هەر لە منداڵییەوە ئاشنای هونەری دارتاشی و هەڵکەنین و خەڵقکردن بووە، لە شت و کەرەستە سادەکان فیگۆر و پێکەر و مۆزایکی دروستکردووە. لەم قۆناغەدا ڕەبوار سەعید خەی پێگەیاندووە، ئەو خولقێنەری ناسنامەی هونەرمەندیی خۆیەتی. لە قۆناغی پێشمەرگایەتیدا، ڕەبوار لەناو سروشتی بێپایان و دژواردا، لەپاڵ خەباتی سەختی ڕۆژانە، لە نزیکەوە جەنگ و مەرگی بینیوە، بەدەم خوێنی داچەڕاو و لاشەی سارد و سەی ئەو هاورێ پێشمەرگەیەی کە سەعاتێک پێشتر پێکەوە دانیشتوون و لەگەڵی دواوە و پێکەنیوە بەدەنگ گریاوە، ئەوەندە تەماشای کردووە کە نێک هەر لە نیگا و خەیاڵی دا ماوەتەوە، بێکو حەز و ئارەزوو و ئاهەکانیشی تەمارکردووە و بە گیانی تەحەددا کردنی مەرگ لە تابلۆکانیدا دەیانەخشێنە و بەرجەستەیان دەکات. ڕەبوار سەعید لە هونەردا تەحەددای مەرگ دەکات و ئاهەکان و خەونی ئەوانەش دەردەبڕێ کە ژیان فریایان نەکەوت و زوو ئاوابوون. ئەم ئەزموونە واتای بوون و تێگەیشتن لە ناسکی و تێنکیی سنوری نێوان ژیان و مەرگ لە لای هونەرمەند بەهێز دەکات؛ ئەو بە هەستیارییەکی وجودیانە لە شتەکان نزیک دەبێتەوە، بە بەرائەتی منداڵانە ساتەکان دەگرێ و جوانییەکان دەخەوێنێتەوە، پارچە ورد و خاشبووەکانی ژیانمان لە ئاوازێکی ڕەنگداردا کۆدەکاتەوە و وەک نەخشی مۆزایک دەیانکاتە تابلۆ.
دواتر، ئەم دوو قۆناغەی هونەری ڕەبوار سەعید ئاوێتەی ئەزموونی کەچ و ئاوارەیی و دابڕان و تەنیاییەکی دیکە دەبن، ئەزموونی مانفا و بێگانەبوون. لێرەدا هونەری ڕەبوار سەعید دەگاتە ئاستێکی دیکەی

زمان و دەربەین؛ تەکنیکبوونی راستەوخۆشی بە هونەرمەندانی ڕۆژئاوا و ئەزموونی کار و چالاکیی هاوبەش لەگەڵیان، ڕێبوار سەعید باشتر دەکات و دەیهێنێتە ئاستی هونەرمەندێکی جیهانیی کە سنورەکانی خود و کوردستان دەبڕێ و دەکرێتەوە بەسەر جیهانێکی نوێ، جیهانێک کە گەردوون لە ئامێز دەگرێ. بەڵام لە گەردوونیبوونی هونەری ڕێبوار سەعید دا، ڕەنگ و هێما و پیت و فۆرم و سیمبۆلی کوردی و ڕۆشنایی ڕۆژهەڵات هەمیشە ئامادەییان هەیە، ئەمەش نەک وەک لەکالیبوون و داخران و خەخواردنەوە، بەڵکو وەک هۆشیاری، هۆشیارییەکی نەتەوەیی و متمانەیەکی هونەری بە فراژووکردنی دونیای ڕەسەنی خود بە ئاستێکی باڵای وێنا و دەربەین، بە ناساندنی ڕەنگ و سیمبۆل و کولتوری هونەریی کوردی و ڕۆژهەڵاتی بە جیهانی دەڕوە.
لە ڕووبەری تابلۆکانی ڕێبوار سەعیدا فیگۆر و ئەبستراکت ئاوێتە دەبن. فیگۆرەکان تەنیا ڕوخسار نین، جەستەیەکی سێ نین، چاوەکان تەنیا سڕیرمان ناکەن، بەڵکو چەشنی هونەری دراما فیگۆرەکان لەگەڵمان دەدوێن، دواندنێکی پڕ لە پرسیار و سەرسوڕمان، هێندە جار هاوار دەکەن، بەڵام هەمیشە تژین لە هارمۆنی و هەمنی. دەست و قاچ ئامادەییەکی سەرکێشیان هەیە لە ڕووبەری تابلۆکانی ڕێبواردا؛ دەستەکان بە ئاسۆیی یا شاقوڵی لە ڕووبەری تابلۆدا ڕادەکشێن، بەڵام هیچ کات بەدەنگ و بەتاڵ نین، بەڵکو مانجەیان دە لە پیت و پرسیار، پڕن لە حیکایەت و باسی تەنیایی مرۆڤ دەکەن لەناو سەحرای تەمەن، لەناو چۆڵایی وجود. دەست و پەنجە دوای دەم و چاو دەبنە چەقی دایەڵەگ و لە فەزایەکی پەنهاندا دەنێ گۆ، بانگمان دەکەن بە ئامێز و گرتن، بە لاواندنەوەی تەنیایی مرۆڤ، تەنیایی خەمان و ئەوانیدیکەش، بە ڕەواندنەوەی پەستی و بێهودەیی بوون، بە جوانکردنی ساتەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەری واقیع و هەرا و زەنای ڕۆژەکان.
تابلۆی ‘پەیامی خۆشەویستی’ یەکێکە لەو تابلۆیانەی کە هەموو ئەو وەسف و لێکدانەوانەی سەرەوە لەخۆی دەگرێ. بەڵام ئەم تابلۆیە گوزارشت لە خاسیەتێکی سەرکیی دیکەی هونەری ڕێبوار دەکات، ئەویش ئامادەیی فیگۆری ژنە لە ڕووبەری تابلۆکانیدا. ‘پەیامی خۆشەویستی’ تێکەڵییەکە لە هونەری مۆدێرن و ئەبستراکت لەگەڵ فیگۆر و ڕەنگی کوردەواری کە تایبەتمەندییەک دەبەخشن بە هونەری ڕێبوار سەعید و هەمیشە لە ڕۆژئاوا و لە ڕۆژهەڵات دەناسرێتەوە. لە تابلۆکە ژنێک، کە بە من هەمای شەم-ی یار و خۆشەویستی وەلی دەوانێیە، بەتەکارەکتەری سەرکیی و چەق و جەوهەر. سەرەڕای کەنتراست لە نێوان ڕەنگی پەمەیی و ئاڵی دەموچاوی فیگۆرەکە لەگەڵ باکگراوندێکی شینباو و خەمۆشیدا، سەرجەم ڕووبەری تابلۆکە هەمن و هاوسەنگ.

قژ دەبەتە شەپۆ و لە فەزادا سەما دەکات، لە جووڵەیەکی بەپایاندا وەک رووبار دەکشێ، گیرۆدەمان ناکات، بەڵکو وەک شەپۆ دەمانبات. لە چواردەوری فیگاری ژندا، هەڵ و هەمای ئەبستراکت هەیە کە وەک کەنتەکستی گشتی و زەمینی فیگارەکە خۆدەنوێنن، نەک وەک گۆشەیەکی تەواو ئەبستراکت. لە راستیدا، 'پەیامی خۆشەویستی' دەبوایە ناوی تابلۆی 'شەمی شەوان" بێ! ئەم تابلۆیە یەکێکە لە شاکارە نوێیەکانی رەبوار سەعید و سالی پار بۆ فەستیڤاڵی وێلی دەوانە لە سەید سادق ئامادەکراوە، واتە بۆ یادی شاعیرێکی پیاو، یادی عاشقێکی دەوانە کەشراوە. بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە لە تابلۆکەدا پیاو وەک روخسار ئامادەیی نییە؛ ئامادەیی وێلی دەوانە لە چەند شیعرێک دایە کە بۆ یار و خۆشەویستەکەی نووسیوە و هونەرمەند بۆ شەوازی کالیگرافیی تایبەت وەک دەنکە زەنگیانە و بۆ وردی و سەرنجەوە دەیاهێنتەوە و دەیانکاتە گەردنی شەم، دەیانترازێنتە کڵێن و رووبڕی تابلۆکە. ژن لەم تابلۆیەدا تەنیا فەرم و ئامادەییەکی بایەلۆژی نییە، تەنیا لە جەستەدا کەنابەتەوە، بەڵکو لە غیابی وێلی دەوانەدا، شەم دەبەتە جەوهەر، وەک روخسار و خەیاڵ و ماهیەتی عەشق و ژیان بەرجەستە دەبێ. رەبوار هەشیارانە مامۆستای لەگەڵ چیرۆکی عەشقی شەم و وێلی دەوانە کردووە؛ لە فەستیڤاڵی یادی وێلی دەوانەدا، شەم بەتە چەقی ژیانی شاعیر و سەرتاپای بوونی داگیر دەکات. لە ڕەگای ئەم تابلۆیەوە رەبوار پەمان دەڕێ وێلی دەوانە هەروەکو چۆن وەک جنسی نێر لە ڕەگای ژنکەوە دەتە وجود و لەدایک دەبێ، ئەوە وەک شاعیریش لە ڕەگای ژنەوە (لە ڕەگای شەم) لە دایکدەبێ و دەگاتە ئاستی ئافراندن و وجد و عیرفان. هەرچەندە ئەزموونی وێلی دەوانە پڕ لە ئازاری جودایی و دابڕان و دووری لە خۆشەویستی، بەڵام شەم- ی یار ژیان و جیهانی وێلی دەوانەی پیاو دیاری دەکات و مانا دەدات بە ناوەڕۆک و فەرمی شیعرەکانی. لە کۆتایشدا، ئەو شیعرانە چ وەک ناوەڕۆک و چ وەک وێناکردنەکی هونەریانە ئاوێتەی جەستەی شەم دەبنەوە؛ شەم لە فیگاری تابلۆکەدا بەرجەستە دەبێ و دەبەتە زەمینەی گشتی، دەبەتە دایک و فریادڕەس، دەبەتە سیمبۆلی هەڵسانەوە و ئازادی. رەبوار بە هەشیاریەوە لە یادی وێلی دەوانەدا شەم دەژێنێتەوە، مەژوو راست دەکاتەوە، قوربانیەکان دەنێتەوە ناو فەزای گشتی و تاکە بەدەنگ و کپکراوەکان دەهێنیتە زەمان و ئاخاوتن. ئەمە لە واقیعدا شەم ناناسین و تەنیا لە چوارچێوە و خەیاڵ و بیر و شیعرەکانی وێلی دەوانەوە وێنای دەکەین، بەڵام رەبوار شەم لە شاراوەیی و نادیاری دەردەهێنێ و لە بەدەنگیی ئەودا سیحرێک بەدی دەکات کە بەتینەوە دەیهێنێتە ئاستی وتن و وێناکردنکی باڵا، ئاستی هەڵکشان و

فراژووبوون. بەدەنگیی شەم چیتر واتای 'بەباکی' و 'بێ مروەتی' و ساردیی یار لەبەرامبەر هەست و ئارەزوو و عەشقی وەلی دەوانە ناگەیەنن، بەڵکو مەودایەکی نادیاریی تراژیدیایەک دەگەیەنن کە هونەرمەندە دەیهێنێتە سەرەوە، ئەویش نەبوونی ئازادییە کە مرۆڤەکان، بەتایبەتی ژن، ناچار دەکات تەسلیم بە قەدەر بێ. ڕەبوار بە هەڵە لار و ڕەنگە زیندوو و ڕەشنەکانی و فیگەرە سیحراوییەکەی شەم ئەو قەدەرە ڕەفز دەکاتەوە و ژن لە حوکمی مێژوو رزگار دەکات و پەمان دەڵێ کە شەم کارەکتەری سەرەکیی تراژیدیای ئەو عەشقە ناکامەیە؛ شەم خاوەنی حەز و ئارەزوو و ئازاری خۆی بووە، بەڵام بە "ئەلفاز' بووە بە مانای نالی-یانە، بەیە تەنیا لە شیعری وەلی دەواندا دەیبیستین و دەیبینین. لە تابلۆکەدا شەم وەک کارەکتەری سەرەکی دێتە لامان و لەگەڵمان دەدوێ، مەودای شاراوەی عەشقی خۆی و ئازارەکانی ژن لە تراژیدیای عەشق دەدرکێنێ.
لە دەوری فیگەری سەرەکیی کە لە شەم دا بەرجەستەیە، فەزایەکی ئەبستراکت هەیە. ئەبستراکتێک کە چەشنی کراسی چیتی ژنانی کوردەواری چنراوە. ئەمە دەبێتە ئاسمانی شەم و وەک پەنجەرە و تاقی کەساکان دەدرەوشێتەوە. ئەمەش کەنتراست دروست دەکات لەگەڵ جیهانی ژێرەوەی تابلۆکە کە جیهانی ژێرزەمینە، جیهانی ئەودیوی دونیا و دەرەوەی سروشتە. لەم جیهانەی ژێرەوەدا بە شێوازێکی هەندەسیانە سێ خانەی ڕەش و زەردباو لە چینێکی دیکەی ئەبستراکتدا دەردەکەون. بەڵام ئەگەر زەر سەرنجیان لەبدەین، دەبنە فیگەر و روخساری سێ مرۆڤی تژی لە زریکە و ئازار. ئەم روخسارانە لە رووی جێندەرییەوە شوناسیان نییە و دیار نییە ژنن یا پیاو. کە بە وردی سەرنجیان لەبدەین، چەشنی تابلۆی 'هاوار' ی ئێدڤارد مۆنک لە ناوەوە دەزریکێنن و لەرینەوەی دەنگیان دەگاتە گوێچکەمان و لە چاوە قووڵکانیانەوە سەردەکات، ئەو چاوانەی کە هونەرمەند بە شێوازێکی مۆدێرن، شێوازی کیوبیستەکان وێنای کردوون. ئەم لەکدانەوەیە تەنیا یەکەم بەچوون و ڕووانینە و دیمەنەکە ڕووانینی دووەمیش دەگرێتە خۆی، چونکە لە هونەری ڕەسواردا تابلۆیەک چەندەها ڕووانین و لەکدانەوە پێشنیار دەکات. کاتە زەر سێیری ئەو سێ فیگەرەی جیهانی ژێرەوە دەکەین، هەمان ئەو چاوانە چەشنی پەنجەرە دەردەکەون و تەواوی دیمەنەکەش دەبێتە لادیواری ژوورێک، ژوورێکی لادێی کوردەواری؟ دیوارێکی سواخدراو بە گڵی زەرد و ڕەشبا و لە ناوڕاستی چاوەکانیشدا و کەمێک خوارتر دەم و هاواری خنکاو دەبنە دەرگایەکی درێژ لە ناوڕاستی دیمەنەکە وەک تاقێک دەتبەن بەرەو ئەودیو، ئەودیوی بیرکردنەوە و ڕامان، بە جووڵەی بەردەوام بەرەو شوێنێکی نادیار کە چارنووسی هەموومانە،جیهانی ژێرزەمین. ئەمەش

واتە چوون بە جیهانی مردووەکان، جیهانی ئەستای وەلی دەوانە کە عەشقە نەمر و بەپایانەکەی شەم لە سەرەوە بە زیندوویی هەشتیەوە و خەیشی لە نیگا و روخسار و دەست و پەنجەکانی شەمدا دەبینینەوە. ئەو سە فیگەرە، جا چ وەک ژوور یا وەک سە روخساری پەئازار و وەحشتناک، پەیامەکی گرنگ دەدرکەنن دەربارەی ئەوانیتر، دەربارەی چارنووسی عەشق لە کەمەگە داخراو و سنوردارەکاندا. فیگەرەکان ئەوانیترن، ئەو کەسانەن کە بە حوکمدانی عەشق و عاشقان زیندانیمان دەکەن، ژیانمان دەکەنە خانە و ژووری داخراو و بوونمان لە قالب دەدەن و ئارەزوو و حەز و خەشویستیمان لە خاچ دەدەن. رزگاربوون لەم زیندانە تەنیا لە ئاوابوون دایە، لە دەرچوون لەم ژوورانە و بینینی دیوارەکان دایە کە دەبە تەک بشکێندرەن بە گەیشتن بە ئازادی. دەرگا و تاقی شین و ئاسمانی سەر سەری شەم سیمبەلی ئازادین، سیمبەلی رەفزی واقیع و بەزاندنی سنورە هەمەجۆرەکانی بەردەم تاکن لە کەمەگەیەکی عەشایری و خەلکی، ئەو سنورانەی کە رەگربوون لە بەیەکگەیشتنی شەم و وەلی دەوانەدا. لەم سیاقەدا، دەرگاکان بە رووی جیهانێکی خامەش و نادیاردا دەکرێنەوە کە واتای نابوتی ژیان و نەبوونی نەمریی مرۆڤمان پێدەەن؛ ئەم دەرگایانە بە دەرچوونە بەرەو ناو بازنەی دووەمی ژیان، بازنەی مەرگ. پەمان دەەن، ئەگەر ژیان بە پەی نەژیاین، ئەگەر عەشق یاساغ و قەدەغە بوو، ئەوە ژیان دەبەتە مەرگ و عەشقیش دەبەتە یادەوەری و چیەکەکی تراژیدی کە لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە. لە رەگای هونەری باڵاوە، هونەرمەند کارەکتەرەکان دەژێنێتەوە، دەیانهێنێتە گە و رزگاریان دەکات لە حوکمی ئەوانیتر، لە زیندانی عەشیرەت و خێل کە کەسپ بوون لە بەردەم عەشقی شەم و وەلی دەوانەدا. کاتە لە بەرامبەر تابلۆکە لە روخساری شەم رادەمێنم، دەیبینم کە دێتە گە و لەگەم دەدوە، ئاهەکانی ژنبوون و عەشقم پێدەەن، پەمدەەن کە ژن لە عەشقدا دووجار قوربانییە: جارێک بە دابڕان لە خەشویستەکەی و جارێکیش بە حوکمدانی لە خەیاڵی گشتیدا کە "بە مروەتی و بەباکی" وەنای دەکەن. لە کەمەگە داخراو و لەناو مرۆڤ لە قالبدراوەکاندا، عەشق تراژیدیایە و ژنیش کارەکتەری سەرەکیی ئەو تراژیدیایەیە. شەم نەک هەر نەگەیشت بە عاشقەکەی، بەڵکو لە خەیاڵی گشتیی پیاو/کەمەگە وەک بەباک و سارد و بە مروەت وەنا کرا، ئەمەش بە پلەی یەکەم لەبەرئەوە بوو کە ئەو نەیتوانیوە گوزارشت لەخەی و خۆن و ئازار و ئارەزووەکانی خەی بکات. کاتە هونەرمەند رەبوار سەعید لە رووبەری تابلۆیەکی تایبەت بە یادی وەلی دەوانە زیندووی دەکاتەوە، شەم فراژوو دەبە بە ئاستی وتن و درکاندنی راستیەکان، دەبەتە پنتی گەرمایی رەنگەکان و لە چەقی رووبەری تابلۆکەدا رەشنایی

خەیمان پێدەبەخشێ. ئایا ڕەبوار سەعید لەم وێناکردنەی شەمدا دەیەوێ نادادوەرییەکانی مەژوو ڕاست بکاتەوە؟ وەڵامی ئەمە نازانین، بەڵام دەزانین کە ئەو ڕووانینمان دەگۆڕێ بۆ شەم و وەڵی و عەشق لە کەمەنگێ داخراوەکاندا. دیمەنەکانی چینی ژنڕەوەش ناسروشتین، ئەمەش بۆ مانای ئەوە نییە کە دیمەنی سوریالیستی بن، بەڵکو هەروەکو ئێپلینیەر دەربارەی هونەری مارک شاگال دەڵێ، دیمەنەکن کە گەورەترن لە واقیع، تێجاوزی واقیع و سروشت دەکەن. لە تابلۆکە بۆ گشتی، هەڵکان لار و گۆشکان بۆ جووڵە و ڕەک نین، ئەمە جگە لە ستایلکی هونەری، خاسیەتکە لە لای هونەرمەند چێشنی ڕەتکردنەوەی قەدەر و تەکان بەرەو پێشەوە، واتە بۆ پێچەوانەی هەڵە و ئاراستە سڕپێنراوەکان (لە ڕووی هونەری و لە ڕووی کەمەڵایەتیشەوە) دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بۆ دیفاکتۆی هونەری و کەمەنگێیی. ئەم خاسیەتە و زاڵیی ڕەنگ گەرم و زیندووەکان هاوتا لەیەک کات سیمای مەدەرنیتی و سیمای لەکالی و کوردەواریی هونەری ڕەبوار دەردەخەن. ڕەبوار کە بەوانامەی دکتۆرای لە هونەری تێشکیلی لە زانکۆی میدیەسکس وەرگرتووە، جگە لە ئەزموونی تابلۆ و وێنەکێشان، لە تیۆریی ڕەنگیش پسپۆڕە. ئەو دەزانێ کە تێکەڵکردنی زەرد و شین، بەیەکگەیاندنی جەمسەری گەرم و ساردی بوونێ، تێکەڵکردنی کۆنتراستەکانێ، بەیەکگەیاندنی جەمسەرە جیاوازەکانی گەردوونێ، بەیەکگەیاندنی مرۆڤکانە لە ئاستە جیاواز و جەندەریەکاندا، بەیەکگەیشتنی ژن و پیاوە، یین و یانگ بە پێی فەلسەفەی تاویست. ئەمەش واتە یەکبوون، واتە وەحدە و تەکامۆ و یەکتری تەواوکردن، چونکە بە پێی فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی، ڕاستە ژن و پیاو، یین و یانگ، دوو کاتیگۆریی گەردوونین، وەک دوو ئەتەم، بەڵام بەجیا و لە دەرەوەی یەکتری وەک دووانەکی بوونیان نیە، بەڵکو لە تێکەڵبوون و یەکبووندا تەواو و پڕ دەبن و دەگەن بە تەکامۆ.
ڕەنگ لە لای ڕەبوار بە لایەن نییە، بەڵکو بە شێوازێکی درامیانە بەکاریان دێنێ. ئەو ڕەنگە ساف و سروشتییەکان تێکەڵ بە ڕەش و خەڵەمێشی دەکات و دەیانباتە دەرەوەی سنوری بە لایەنی. زەرد و ڕەنگە ڕۆشنەکان ڕووناکتر دەبنەوە و لە تەنیشتیان چەند چینێک لە تەنی تەخ دەخولقێنێ کە بە لەمسەیەک لە ڕەنگە ڕووناکەکان ڕۆشنایەکی نوێیان پێدەبەخشێ. ئەمەش جووڵەیەک دروست دەکات لە تابلۆکە کە جگە لە جووڵەی هەڵە و هەما و فیگۆرەکان، دەبێتە جووڵەی سەبەر و ڕۆشنایی، جووڵەی گەرمی و ساردی. هەمووی پێکەوە هارمۆنییان لەدەژێ کە چاو ختوکە دەدات و نیگا دەوروژێنێت و ڕۆح دەهێنێتە خرۆشان. ئەم هارمۆنییەی ڕەنگ بەر هەموومان دەکەوێ،

هەوومان دەگرێتەوە بە منداڵ و گەورە و کورد و ناکورد؛ سەرەڕای جیاوازیی تەمەن و ئاسۆ و ڕەگەز و بۆچوون، جیاوازیی تێگەیشتن و ڕووانینەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئەمە خاسیەتێکی سەرەکیی تابلۆکانی ڕێبوار سەعیدە. تابلۆی ‘پەیامی خۆشەویستی’ و چەند تابلۆیەکی دیکەی ڕێبوار کە ماڵێکی منیان ئاوەدان کردۆتەوە، زەرجار دەبنە شوێنی سەرنج و گفتوگۆی میوانە بیانییەکانم بە فەڕەنسی و ئینگلیز و ئەمریکی و هیندیی و مەکسیکی و چینی و سکاندناڤیەوە، بە پیر و گەنج و مەردمندااڵوە، کە دێنە ژووڕەوە سەیری تابلۆکان دەکەن، یەکسەر بەر ئاو جوانی و هارمۆنیایی دەکەون و بە سەرسوڕمانەوە گوزارشت لە ئیستێتیکای تابلۆکان دەکەن، هەست بە ئارامییەکی دەروونی و ڕەحی و وزەیەکی پۆزەتیف دەکەن، هەروەک لە بەرامبەر تەکامۆ.

تابلۆی ‘پەیامی خۆشەویستی’ وابەستەیی ڕێبوار سەعید بە شیعر و خۆشەویستیی ئاو بە جیهانی وێلی دەوانە پیشان دەدا، گوزارشتە لە خۆشەویستیی هونەرمەند بە ئەدەب و کولتووری خۆی، هی زێدی خۆی و نیشتمانەکەی. شیعر ئامادەییەکی گەورەی هەیە لە تابلۆکانی ڕێبواردا، ئەمەش هەر سێ قۆناغی ژیانی هونەری ڕێبوار سەعید دەگرێتەوە. ئاو وەک شاعیر کەمتر دەردەکەوە، بەڵام خۆی شاعیرە و خاوەنی دیوانە. کەم کەس ڕێبوار وەک شاعیر دەناسە، بەڵام ئاوەی بە وردی و چاوی هونەرییەوە سەیری تابلۆکانی بکات، شاعیریەتی ئاو بەدی دەکات کە لە تابلۆکان دەرژێت.

لە کۆتاییدا، دەمەوێ ئاوە بڵێم کە ڕێبوار سەعید ڕاوت و بزووتنەوەیەکی هونەری تاک و دیاریکراو پێیەو ناکات. هونەری ئاو تێکەڵییەکی هاوسەنگە لە ڕاوتە جیاوازەکانی وەکو ڕیالیزم و ئەبستراکت و گەشە هەندەسییەکانی کیوبیزم و کاریگەرییەکانی هونەر و مۆزایکی ڕۆژهەاتی و فەرم و ڕەنگە گەرمەکانی کوردی و کەسای کاتالیکی و ئیستێتیکای منداڵی و فیگەری شاگالی.

سێپتەمبەری ٢٠١٦

تێبینی: ئەم وتارە لە هەفتەنامەی ڕۆخنەی چاودێر بە دوو بەش باوبۆتەوە، لە ڕۆژانی ١٩ و ٢٦ ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

# نەریتسالاری … کوردستان عومەر

نەریتسالاری کۆمەڵە یاسا و دابونەریتێ مرۆڤکان بۆ درێژایی کات لە کۆمەڵگە بۆ ڕاییدان بە دیاردەیەك پێوی لێدەکەن. لەکۆمەڵگە دواکەوتووکان بۆتایبەتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دیان دیاردەمان هەیە، وەکو نەریتێك بەسەر خەڵکی کۆمەڵگەدا سەپندراوە، بۆتایبەتی ژن. ژن ناچار دەکرێت بە چوونە ژێر باری کۆمەڵك دابوونەریت و یاسا و ڕەسای کۆن و باو بۆ جێبەجێ کردن و ئەنجامدانی کۆمەڵك ئەرك و هەڵسوکەوت و عادەت و لاساییکردنەوە کە لە پێسەیەکی دوورودرێژی ڕابردووەوە ماونەتەوە. چەندفاکتەرێکی وەکو ئایین، بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و ناهووشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە ڕۆیان لە چەسپاندن و بەرهەمهێنانی ئەو نەریتانەدا هەیە. زۆربەی ئەو نەریتانەی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەن، لە بەرژوەندی پیاوداین و دژ بە ژنن. هەر ئەو نەریت و یاسایانەی کۆمەڵگەیێ دەسەلات و هێزی بە پیاو بەخشیوە و هەمیشە ژن وەکو خزمەتکار و کۆیلە سەیکراوە. واتە پیاو بە پشتیوانی ئەو نەریت و ئایین و ڕەسایانەی ناو کۆمەڵگە ناتوانێ ڕەفتاری وەها بەرنابەر ژن بکات. بەگوێیشمان بە ئەوە هەموو پیاوانی دنیا لەرووی جەستە و پێکهاتەی فیزیکییەوە وەکو یەك لە دایك دەبن وەکو ڕۆگەزی نێر، بەڵام ئەوە نەریت و ئایین و پەروەردەی ئەو کۆمەڵگایێیە ڕۆڵی لە پێکهاتەی بیرکردنەوە و عەقڵی ئەو پیاوە دەگێڕێ و ئاراستەی دەکات. هەر ئەم نەریتانەن ڕێگەبان لە ئاراستەکردنی باوک و برا و مێردی ژنان و کچانی کورد هەیە، دەبینین چەن ژنان و کچان دەبنە قوربانی ئەو نەریتانەی کۆمەڵگەی کوردی بەرهەمی هێناون. نەریتسالارییە چەن دەسەڵاتی بەسەر عەقڵی پیاوی کورددا هەیە و زۆر بە ئاسانی پیاوی کورد بەیار دەدا، خوشکی، ژنی، کچی بکوژێ یان سزای بدات.

هەمیشە ژن قوربانی دەستی ئەو چەمکە قێزەونە بووە یا بە مانایەکی تر ژن قوربانی دەستی پیاو بووە بەهۆی سەرشێکردنیان بە نەریتسالاری, لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە ژن قوربانی یەکەم بووە بە نموونە کاتێك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو کەس یا دوو هۆز یا دوو گوند دروست بووە دواجار ژنێك کراوە بە قوربانی و لەسەر حیسابی سنگی ژنێك باوەشکی پیاوانەیان کردوە بەیەکدا، بە ئەوەی بچووکترین حیساب بە هەست و نەستی ئەو ژنە داماوە بکرێت. ئەم جۆرە نەریتپارێزیە یا نەریتسالاریە تا ئەو دەقەی ئێستاش بەردەوامە ئەگەرچی تاڕادەیەکی کەم کەمی کردوە بەڵام هێشتا ماوە. هێشتا لای زۆر پیاو پێناسەی ژن بریتیە لەو مرۆڤەی کە پێویستە لە

ماڵەوە بێت و کاری تەنها دەرپەڕاندنی منداڵ و خزمەت کردنی مێرد و گەرمکردنی دیوەخانی پیاوەکانە, هێشتا زۆرێك بە نەنگی دەزانن ژن فەرمانبەر بێت, چالاکوان بێت, نووسەر بێت و لە کێڵ و کێبونەوە و سیمینارەکاندا بەشدار بێت. لێرەوە شێوەی ژنانی چالاکوان و ژنانی هوشیار لە کۆمەڵگەدا بە پلەی یەکەم بەرانبەر ئەو نەریتسالارییەیە، چونکە تاکوو ئەو عەقڵیەتە نە گۆڕێت، ناتوانی عەقڵی پیاوی کوردیش بگۆڕێت، ئەو نەریت و پەروەردە کۆنانەیش بەشێوەیەکی زۆر قووڵ ڕەگی لە هەست و عەقڵی پیاوی کورد داکوتاوە، لە ڕێگەوە هەوڵەکانی شەڕش و خەباتێکی مەدنیانەی زۆری دەوێت، چونکە دەبێ لەسەر ئاستی پەروەردە و هووشیارکردنەوەی تاك کار بکرێت. سێ پایەی زۆر گرینگی ژیان کە ئایین و نەریت و دەسەڵاتن، هەر سێکیان پاڵپشتی لە پیاو و هەزی نێر دەکەن. لەم ساڵانەی دواییدا حکوومەت زۆر شەرمنانە باسی یاسای تۆندوتیژی دژ بە ژنان دەکات، بەڵام هەر ئەو کەسانەی یاساکانیان داناوە و دەریدەکەن لە کابینەی حکوومەت ژن و کچکانی خۆیان کردووە بە کۆیلە و لە چواردیواری ماڵیان داناون، لەلایەکی دیکە هەر ئەو کەسانە شەوکانیان بە ژن و کچ دەڕازێننەوە، ژن و کچ بە تەکردنی حەز و ئارەزووە سێکسییە لەبن نەهاتووکانیان بە کار دەهێنن. هەروەک لە وتارێکی پێشوومدا باسم کرد ڕێکخراوەکانی ژنانیش پاشکۆی حیزبن و حیزب ئاراستەیان دەکات. هەر ئەو ژنانەی لەو ڕێکخراوانەی بەناو ژنان کار دەکەن، سەرکەکەیان، کە پیاوە بە پیرەزی دەزانن. زۆربەی ئەو ژنانەیشی لەو ڕێکخراوە بەناو داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە حیزبەکان بوونەتە قوربانی و بە تەکردنی حەزی سێکسی و کاری حیزبی وەکو کۆیلە بە کاردێن. ئیدی ژنێک لە ڕێکخراوێکی وەهادا چێن دێت باسی مافەکانی ژن دەکا؟ چێن خۆی بە داکۆیکردن لە مافەکانی ژنان دەزانێ؟ کە خۆی هێشتا لەژێر کاریگەری نەریت و پڕۆگرامی حیزب و سەرکدا بێت.

---

# شەشێک بە کەرامەت ... شەشێک بە کەرامەت

ڕاوچیەکانی دەسەڵات لە کوردستان، پێش ئەوەی موچە بکەن بە نیوە و چارەک، کەرامەتی ئینسانی و شکۆی هاوڵاتیانیان کرد بە ژمارەیەکی

دیارنەبوو، لە کۆمەڵگایەکدا کەرامەتی ئینسانی تاکەکان بوویە بارمتەی ژیانیان، ئیتر زۆر سانا موچە و کارەبا و ئاو دەبێتە داواکاری و شیعاری خۆپیشاندانەکانمان.
ئاستە تاشینی سەر و برۆی (هەمن عبدولخالق) لە لایەن قارەمانەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، لەلەوی کۆمەڵایەتی و تێگەشتنی خەڵکیەوە، نیشانەی ئێتک کردن و شۆوازێکی باڵای سوکایەتیە، بەڵام بەبەوای من ئەو هەڵوێستە قیزەونەی کە دەرهەق بە (هەمن عەبدولخالق) کرا، بەوانامەیەکی گەورەیە بە نمایشکردنی دەسەڵاتێک کە هیچ بەهایەک و کەرامەتێکی ئینسانی نیە، (هەمن) تووانی ئەو بەوانامەیە وەربگرێت کە بازرگانەکانی دەسەڵات پێیانبەخشیوە، بەوانامەی بەرژەوەندی جیاواز لەگەڵ دەستەڵاتێکی گەندەڵ و بێناونیشان،(هەمن) پێی ووتین ئەم چ دەسەڵاتدارێکی نائینسان و کۆنەپەرستمان هەیە، تاشینی سەر و برۆی (هەمن) وەڵامی سەرکوتکردنی (کەرامەت)ە ، بە شیعار و داواکاری (موچە).
کۆمەڵگا کاتێک ئالودەی دەبێت بە شیعاری (نانم نیە، موچەم نیە)، هاوڵاتیێک کاتێک لەبەردەم شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە دەگەری و گیرفانەکانی هەڵدەگەڕێتەوە، ئەم کردەوانە بەرهەمی ٢٥ ساڵ کاری چەو پێی (یەکێتی و پارتی)ە لەسەر سایکۆلۆژیەتی ئینسانەکان، بە نابووت کردنی کۆمەڵگا و دەستەمۆ کردنی، تاکێک پێش ئەوەی بگری سانسەری (کەرامەت)ی کراوە، هاوڵاتیێک پێش ئەوەی برسی بێت یان تینوو، سەرچاوەی ئیلهام و ئیرادە و (کەرامەت)یان لە کۆمداوە، هیچ ڕێگایەکمان نیە بجگە گەرانەوەی ئەم (کەرامەت)ە.
ئەم دەسەڵاتە زۆر بە وریایەوە لەهەناوی کۆمەڵگاوە، پەداویستیەکانی سەقامگیری و مسۆگەرکردنی پایەکانی دەسەڵاتێکی خۆی بەرهەمهێناوە، یەکێک لەو فاکتەر و سێکتەرە گرنگانەی کۆمەڵگا، کە دەستەڵات لە مانگەنیەداوە و کردویەتیە بارمتەی ژیانی هاوڵاتیان، کارکردنە لەسەر بێبەها کردنی(کەرامەتی ئینسانی و ئیرادەی تاک)، ناڕەکخراوبوون، نەبوونی شیعاری ئینسانی و ئاسەی سیاسی ڕەشن، منالی ئەو منالدانیە کە دەستەڵات لە هەناوی کۆمەڵگاوە دەریهێناوە.
لە کۆمەڵگایەکدا کە مافی (موچە، ئاو، کارەبا) بە هاوڵاتیان بێتە خەوێک و خەیاڵێکی ئەفسوناوی، هاوڵاتیێک لە دەربەندیخان لەبەر ئەوەی ٣ ڕۆژ ناتوانێت شیر بە منداڵەکەی بکێت، ئەیووت ٢٧/٩/٢٠١٦ لەڕۆژی خۆپیشاندان خۆی بسوتێنێت، بەڵام بەرپرسێکی سەربازی لە (قبرەص) تەنها لە شەوێکدا (٩١ دەفتەر دەلار) بە قومار بدۆڕێنێت، ئامادەکردنی زینیەت و هەشی خەڵک بە ستایلێک لەم ژیانە، قبووکردنی جۆرێک لەم هەوا و ڕەفتارانە، سەرچاوەکەی

بەئیرادەکردنی کەمەگا، بەبەها کردنی مافی ژیان و پێشێلکردنی (کەرامەت)ی ئینسانە.
پێش ئەوەی داوای (پەداچوونەوەی موچەکانمان) بکەین، ئەبەت داوای گەلانەوەی (کەرامەتی ئینسانیمان) بکەین، مەبەست لە (کەرامەت) تەعبیرێکی ئەخلاقی نیە، بوونی (کەرامەت) بەمانای شکۆی ئینسان، ئینسانێک کە دەبەت بژی و خاوەن ماف و پەداویستیەکانی بەت، (کەرامەت) بەمانای ئەوەی قبوڵی نەکەین، کە گومان لەدەبەت دەکەن: پەنجا بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە سەربیان بە مەرگ گرتوە، (کەرامەت) بەمانای بەرپرسیاریەتی لەبەرانبەر چارەنوسی ئینسانی کەمەگا بەهەموو بەها بەرزەکانیەوە.
ئەگەر ئینسان و (کەرامەتی ئینسانی) لە کەمەگای کوردستاندا، لەسایەی دەستەڵاتی (یەکەتی و پارتی)، واتە خاوەن کەمپانیاکانی سیاسەت کەشکی هەبووایە، نەماندەتوانی گوبیستی هەڵاجکردن و فرۆشتنی دەیان منداڵ بوینایە لەلایەن خەزانەکانیانەوە، نەماندەتوانی فەدانی دەیان کەرپەی تازە لەدایکبوو وەک شنەی بایەک بەلای گومانداغ گوزەر بکات، ئەمە پەویستمان بە خەپیشاندان نیە بە موچە، موچەی بەاومان لە (کەرامەت)ی گەلاومان بەدەستدەهێنەوە، پەویستمان بە شەشکە بە گەلانەوە و مسۆگەر کردنی پاراستنی (کەرامەتی ئینسانیمان)، کاتێک بوویندەوە بە خاوەنی (کەرامەت) کە دەستەبات بە قیمەتی سەرمایەیکی گەورە، نیشانەی پرسیاری لەسەر دروستکردوە، ئەوە بەدنیایەوە هیچ هەزێک ناتوانەت، موچەکانمان بە چارەک و نیوە وەک خەر و سەدەقە پەبفرۆشتەوە.
لەدوای ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦، (پارتی) بەیاریدا موچەی مانگێک دابەش بکات بەسەر مامەستایانی سنوری دەستەڵاتی (یەکەتی)دا، ئامانجی (پارتی) لەم هەنگاوە، گاڵتەکردن بە ژیان و بژێوی مامەستایان و، ململانێی نێوان دوو ئیدارەی (سەوز و زەرد)بوو، داهاتی کوردستان سەروەت و سامانی کەی گشتی کەمەگای کوردستانە، بەڵام بازرگانەکانی دەستەبات دەیکەنە شاباشی گاڵتەکردن بە (کەرامەت)ی هاوڵاتیان.
(یەکەتی) هەموو بازگەکانی پەکرد لە ئاسایشیی خەڵکی ناوچە جیاوازەکان، بە ئەوەی ئەو مامەستایانە بناسنەوە کە دەیانەوەت بەڵێن بە سنوری (پارتی) بە وەرگرتنی موچە، ناوەڕاستی نەوەدەکان هەژگارێکی زەر سەخت و گرانیەکی بەسەڵن و نەهامەتیەکی سەرسوهێنەربوو، (پارتی) ئەم هەکارانەی کرد کەرەستەی ململانێی ئیدارەکان، مامەستایانیش بوونە ئەکتەری بەهەڵەی و نائینسانیبونی دوو هەزی (کەرامەت)کوژ.
مامەستایان بەئەوەی بگەنە (هەولێر) دەیان چیرۆک و سیناریۆیان

دروستکردبوو، بە ئاوەی لە بەخشندەی ژەهری موچەکەی (پارتی) و ئیهانە و سوکایەتی (یەکەتی) ڕزگاریان ببێت، ئەبێت دەیان درێ بکەیت بە ئاوەی بە موچەیەک بگەیت، دەیان سوێند بخەیت کە مامۆستانیت، ئەبێت پێناسی (یەکەتی مامۆستایان) لە لیباسی ژێرەوەی منافیکەت بشاریتەوە، چ فەرهود کرنکی (کەرامەت)ە.
کەسێک کە خەی ڕەشتبوو بە وەرگرتنی موچەکە ئەم چیرکە واقیعییەی بە گەڕامەوە، وتی: مەلایەک لە پاڵما دانیشتبوو، مەزارەی سپی و جبەی لەبەردا بوو، وتی: بەهەی ئاوەی من منافیکم پێبوو،، مەلاکە یاری و قسەی بە منداڵەکەم دەکرد، وتی: کە گەشتینە بازگەیەکی (یەکەتی) لە مەلاکەیان پرسی بەچی ئەڵێیت بە (هەولێر)؟، مەلاکەش وتبوی:خوشکەکم خوێندکاری زانکۆیە و توشی ئەوداوەکی ئەتەمبێل بووە و منیش ئەڵێم بەدەمیەوە!!!!!.
بە بۆیانی ئەو مامۆستایانەی کە لە بازگەکان دەربازیانبوبو و گەشتبونە هەولێر، لەوێشەوە بە ئەو دەزگا حیزبییەی بەناوی ئیدارەوە موچەکانیان دابەشکردبوو، لەو شوێنە کەسەکە مەلاکەی دوێنێی دیبوو بە کراس و پانتەڵەوە، کەسەکە لێی پرسیبوو تە مەلاکەی دوێنە نیت لە پاڵما دانیشتبویت ؟، مەلاکەش وتبوی: بەڵێ ئەوم، بۆیە خەم کرد بە مەلا بە ئاوەی لە بازگەکان نەمگرن، نان نیە ماڵەکەمدا و زۆر موحتاجم، هاتووم ئەم موچەیە وەربگرم و سوچەکی ژیان و کەموکوڕیەکانی ماڵەوەمان بە پێبکاتەوە.
ئەم چیرکە پڕمان ئەڵێت:(کەرامەت)یان کردینە نیشانەی تیرکانیان، پاشان موچەکەیان پێداین، ئەم چیرکە پڕمان ئەڵێت: چۆن ژیان و (کەرامەت)ی ئینسان لە نێوان دەستەڵاتی (یەکەتی و پارتی)دا، کەوتۆتە نێوان بەردی دەستەڵاتکانیان و، هیچ بەهاو شکۆیەکیان بە ئینسان نەهشتۆتەوە، دەستەڵاتێک مامۆستا بکات بە مەلا بە موچەکەی، دەستەڵاتێک ئینسان وەک داشی دامەی مەرامە سیاسی و ناشیرینەکانی خەی بەکاربهێنێت، بەجگە شەشی گەانەوەی (کەرامەت) هیچ ڕەگایەکی تری لەبەردەمدا نیە، شەشی گەانەوەی (کەرامەت) واتە لەبنەوە هەڵتەکاندنی ئەم سیستەمە و کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی یەکجاری (یەکەتی و پارتی).
هیچ شتێک لەوە ترسناکتر نیە کە دەستەڵاتێک گوێ لە داواکاری و داخوازیەکانی هاوڵاتیان نەگرێت، وەک ئاوەی هیچ لەوەش ترسناکتر نیە کە هاوڵاتیان فریو بە پەیمان و چەواشەکاری دەستەڵات بخۆن، ئەبێت خەڵک بە دەسەڵاتی پڕۆ و ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ چاوبەست نەبێت و بە شیعاری (کەرامەت، کەرامەت) بە بۆیانی بەوانێت، بە گەانەوەی (کەرامەت) بە ئینسانکان و شەشی گەانەوەی (کەرامەت)، ئینسانکان دەگەڕێنەوە جێگاوەکای کەمایەتی خۆیان، هیچ

ئینسانێک مەجبور نابێت سیما و کەسایەتی خۆی بە موچەکەی بگۆڕێت، شۆشە گرانوەی (کرامەت) هێگایەکە بۆ گۆڕانوەی بۆچوونەکانی ئینسانیەکان و ژیانێکی ئارام و ئاسودەی هاوچەرخ.

**هیدایەت مەلا عەلی**
٢٧/٩/٢٠١٦

---

# بەرهەستکار و دەستەواوکەری یەکدین … شوان حەسەن

– حیزبەکانی کوردستان، ئەگەر لە قسە کۆمەک جودا بن.. بۆچی لە راستییدا هەموویان هاوڕان لەسەر مانوەی ئەو سیستەمە!
– خوەندنوەی من وا نییە، چونکە تۆ لە دەرەوەی حیزبەکانوە قسە دەکەی.. ئەمن لەبەر ئەوەی ئیشم لەگەڵ چەند حیزبێک کردوە پتر ئاگادارم کە زۆر دوورن لە یەکدی و دەتوانم چەندان بۆچوون بۆبنمەوە.

بۆچوونکانی هی ئەوە نەبوون مرۆڤ سەری خۆی پێ بئەشێنی.. ئاخر حیزبەکانی کوردستان هەندێ لە دژی یەکدی دروستبوونە بە چارەگی ئەوە وەک پێویستیەکی کۆمەڵایەتی دروستنەبووینە، ئەوە لە کاتێکدا لای هەموو کەس ئاشکرایە کە دروستبوونی حیزب وەک پرسیەکی ئاسایی پێویستبوونە کۆمەڵایەتیەکەی دیاریدەکا، بۆیە لای خەمان کۆمەڵێک بە خەیان چەند هەیەک دیاردەکەن.. ئیدی ئەو لایەنگرانەی بە دوای گەرمکردنی بازاڕاوەن دەیقەزنەوە و حیزبێک دادەمەزرێ.. پاشان وەک پیشەی هەر کاتێکیان ئەو کارەیان بە ناوی نیشتمانپەروەری و چی و چی بەسەر خەڵکی ڕشوەووتدا دەفرۆشنەوە.

لە هەشتایەکان پێشمەرگەیەکم دەناسی سیناریۆیەکی زۆر جوانی دروستکرد؛ کاتێک چەکەکەی فڕێدا و گوتی: "چیدی براکوژیی ناکەم"! تەوانی ئەو بیارەی وەک هەوڵستێکی شۆشگێڕیی بەسەر خەڵکدا بفرۆشتەوە، بۆیە ئەم ڕاستییەکەمان دەزانی بۆیە ئەو گرنگییەمان پێنەدا؛ هۆیەکەی ئەو بیاردانەی ئەوە بوو کە باوکی خۆشویستەکەی پێگوتبوو بە مەرجێک رازییەبم ئەو هاوسەرگیرییە سەربگرێ کە واز

لە پشمەرگایەتی بهێنی. ئیدی ئەویش ئەو بیانووی قبوڵ!

دیارە ئەستاش ئەو نموونانە هێندە زۆرن بەڕام نە حەوسەڵەی ئەوەمان هەیە وەدوایاندا بچین نە پەویستیش دەکا.. چونکە کەمەناسان لەمژە ئەویان یەکلاکردەتەوە کە لە ژێر دەسەاتی دیکتاتۆردا کەمەی دووەوو دروستدەبێ، بەڕام ئەوانەی ئەستا شەویەکی نیشتیمانپەروەری دەدەنە ئەو دووەوویی؛ لەرە و لەوە گوت لەدەبێ:
– ئیدی ئەو هەموو گشەسەندنە ئابووریە نابینی؟
– ئەرە دەیبینم.. ئیدی ئەوە نیە بە کارەسات بەسەر ئەو میللەتەدا شکاوەتەوە.
پشیمان بومەوە بەو زمانە بریندارکەرە وەڕامم داوە، نازانم چەندی دیکەی دەوە ئاخاوتنەکانمان دوور بە لەو زمانە زبر و شەشگەڵە، ئەگەرچی من خەم زۆر کەشس دەکەم وا نەبم.. بەڕام ببوورن نەمتوانی.

– پەش ئەوەی شت بە خەڵک ررونبکەیەوە کەمێک کات بە خەت بدە بە ئەوەی بزانی دەتەوە چی بەڵێی و چیت دەوە، ببوورە.. لە شیوەی تە زۆرمان دی.
بەخەنازینەکەیم پێ ئاسایی بوو کە چەندین حیزبی کردوە.. لە کەسی لە پێچینەوەی لەگەڵ ناکا کە بەچی ئەو هەموو حیزبەی گەیوە! جگە لەوەش خەڵک هێندەی ئامادەن گوێ لەو بگرن.. ئامادەنین گوێ لەو کەسانە بگرن کە ناپاکییان لەناکەن! وا مەزانە لە بەهودیەوە قسە دەکەم چونکە ٢٥ ساڵە ئەوانەی نەو دەسەات بە پێی بەرژەوەندییە کەسیی و حیزبییەکانی خەیان ئەمبەر و ئەوبەر دەکەن، کەچی نە ئەوان داوای لێبووردن دەکەن و نە رووبکردنەوەیەکیش دەدەن، نە کەسکیش لێیپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات!
ئەگەر بە کەسێک بڵێی: "ئەو مرۆڤە دووەوە دونە لە نەو دەسەات بوو" هەروا هەیکانی بەرهەستکاربوونی قسەکردنکانی ئەستاشی بە رووبکەیەوە، ئەوە هەر ئەوەت پێدەڵێن: "دێی.. ئەستا هەوەستی جوانە"!
هێندێک کەس قسەکردن و گلەییکردن بە هەوەست دەزانن، لە با بزانین بە پێوەری ئەو دەسەاتی کوردستان چیە؟ تە بەت هەیە قسە بە هەموومان بڵێی و رەخنە بگری.. تەنیا ئەو کاتە هەڵێی سوور دەبەزنی کە داوای دەرچوون لە بازنەکە بکەی. کاتێک یەکێتی و پارتی کۆشیەک دەکەوتە نەوانیان زۆر ئاساییە کە قسە بە یەکدی دەڵێن چونکە ئەوان هەڵە سوورەکە نابەزنن و بەو قسە بەیەک گوتنانش دەسەاتکیان ناکەوتە مەترسیی.. ئەوان هەوەستی راشکاوانە

بەرانبەر یەک دەرنابەن ڕەخنەی ڕاشکاوانە لەیەک ناگرن بە ئاوەی کۆشکان بە پەی بەرژەوەندیی خۆیک چارەسەر بکەن بۆیکە ئاوان بازاڕ دەکەن نەک سیاسەت.. جا ئەگەر تۆش ئاو قسە بەیەک گوتنانە یان قسەکردنی وەک ڕەخنە و بە بەزاندنی هێڵی سوور بە هەواست و ڕەخنەی ڕاشکاوانە دەزانی ئاو سووچی خۆتە کە بە هێڵدا دەچی.
لە دوای ڕاپەڕینەوە مانەوە لە نێو دەسەڵاتی کوردی مانەوەیە لە سەنگەرێک دژی میللەت.. چونکە هەرچی سامانی ئاو نیشتمانە هەیە ئاوان بەفیڕیان دا ئاویش بە هاوبەشیی لەگەڵ ئاو خەڵکەش و فایلدارانەی تا دوێنێ لەسەنگەری دوژمن بوون و ئاوەش خاونی دروستکردنی ژیانێکی پڕ شکۆمەندیمان لەدەدەزن. ئاوەی خەفەت دەداتە مرۆڤ ئاوەیە کە ئاو کەسانەی بە پاکیی ماونەتاوە ڕێز لە یەکدی ناگرن.. ئایە ئاوە گرێی دەروونییەیان هەر دەبە بەهین داماننی کۆمەڵە؟
بە ئاوەی لە ژێرخانە فەرهەنگییەکەی ئاو دەسەڵاتە بگەین دەکرێ لە هەر دەرگەیەکی دروستکردنی کۆمەڵە بە ژوو بکەوین.. بە نموونە ناشیرینکردن؛ ئاو دەسەڵاتە بە شۆیەکی ڕوون پەماندەڵێ: جنۆو بدە.. جنۆو بدە.. تا بتبینم! فەرهەنگی ناشیرینکردن ڕەگی زەر قوول ڕەچوە، (مام جەلال) ئاو پیاوەی بوە بەناوبانگە وتوژ لەگەڵ نەیارەکانی دەکا و لە زمانی گفتوگۆ دەگا، ئاو کاتەی سەکەی ئازادیی دروستدەکا لە باخی ئازادیی.. ناڵێ بەڵێن بە ئازادیی ڕەخنەم لێبگرن بەڵکو دەڵێ بەڵێن بە ئارەزووی خۆتان قسەم پێبڵێن! قسە پێگوتنیش خۆی هەر جنۆوە.
بە ناو چەپەکانیش کە لە نێو دەسەڵاتن.. نووسین و لێدوانەکانیان بەشێکە لە فەرهەنگی ئاو قوتابخانە کۆنەی لینین و ستالین کە زمانێکی زبریان هەبوو و لەسەر بنەمای هەڵنەکردن لەگەڵ یەک دامەزرابوو، پێویستە ئاوەش بڵێین کە ئاوانە تەنیا ڕابردووەکیان لەگەڵ چەپ هەیە.. دەنا گەمەی ئەستایان دیار و ترسناکە.
